## وەزارەتی پەروەردە رونکردنەوەیەک بۆ پۆلی ٩ و ١٢ بڵاوکردەوە



وەزیری پەروەردەی هەرێم روونکردنەوەیەك دەربارەی هەڵسەنگاندنی قوتابخانەکان، کە پۆلی نۆی بنەڕەتی و ١٢ـی ئامادەییان هەیە بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوەکرد، لە ئێستاوە هەموو ناوەندەکانی خوێندن دەتوانن ئەنجامی هەڵسەنگاندنی دەرەکی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤ بۆ ٢٠٢٥ لە ئەپڵیکەیشنی (ئی – هەڵسەنگاندن) ببینن.

ئەمڕۆ دووشەممە ، ئالان حەمەسەعید، وەزیری پەروەردەی هەرێم لە روونکردنەوەیەکدا ووتی، لیژنەی باڵای هەمیشەیی تاقیکردنەوە گشتییەکان تایبەت بوو بە تاقیکردنەوەی نیشتیمانی پۆلی ٩ـی بنەڕەتی و تاقیکردنەوەی وەزاری پۆلی ١٢ـی ئامادەیی، وەزارەت پۆلێنبەندی و شیکاری ئەنجامدا بۆ هەموو ئەو قوتابخانانەی کە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتیان هەبوو.

ئاماژەی بەوەشکردووە، لەرێوە ئەو ئەنجامانە بۆ هەموو قوتابخانەیەک ڕادەگەیەنین لەناو ئەپڵیکەیشنی ( ئی – هەڵسەنگاندن) .

